www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 3-2-2007 11:48

## خۆشه ویستی له رۆژ} هه لآت و ئاوا} دا.... شه یدا بلباس



خۆشه ویستی دژ به رِقه.. کینه به رامبه ر ئه وینه، قوربانیش هیچ شتێک شیاوی نییه، که ژیانی له گه ڵ به راورد بکرێت!.. هه ندێک ده ڵێن خۆشه ویستی له رۆژئاوا ته نها چێشتنی خۆشی سێکسه.. ئه ی له رۆژهه ڵاتیش ئاکامه که ی هه ر به وه ناگات! گوایه سۆزی خۆشه ویستی له ته سه ووف بۆ عیرفانی پیرۆز په سندکراوه. بۆیه لای خۆمان خۆشه ویستی به خۆشی و ناخۆشییه وه؛ هه ر خۆشه.

" جارێکیان شوانێک ئێواره به ره و ئاوایی ده گه رِێته وه، چاوی به کچه گاوانی دولبه ری ده که وێت، که خه ریکی حه وشه و هه یوان گسک دانه.. خۆی لێ مه لاس ده دات، تالێی نزیک ده که وێته وه. له پرێکدا، له پشته وه تاوی ده داتێ و له نێوقه دی ده یگرێت و ده گوشێت و نازانێ چۆن هه ستی سۆزی خۆشه ویستی خۆی بۆ یار ده ربرِێت.. ده ڵێ:

-کچێ نازانم چیت لێبکه م.. ده ڵێم بترِێنم!".

ره نگ ده ورێکی کاریگه ر ده گێرِێت له نێوان خۆشه ویستی، به ڵام داخی دروی کاڵم ئاوابێت، که روو راسته قینه بشارێته وه؛ تاشوێنی خۆی نه گرێت! جا ئه وه ی له نێوان خۆشه ویستی ئاڵوگۆر ده بێت، له رۆژئاوا به ئاشکراو له رۆژهه ڵاتیش به دڵنیاییه وه رووده دات، له ژێر په رده یێکی شاراوه دا.

کچ له هاوکێشه ی دڵداریدا، زۆربه ی جار له دڵشکاویه وه بۆ دۆران، به ئه نجام گه ییوه. جا ئه مه رووێکی ئه م جیهانه یه که له مانه وه نیشانمان ده درێت.. له وانه بێت رووه که ی تری شتێکیتر بێت.

قژی ئافره ت چه ند خاو بێت، هه ستی خاوتره.

لێوی ئافرهت چه ند ته ربێت، دڵی ته رتره.

ئه وه ی له ناو جانتای ئافره تان شاراوه یه؛ هێشتا ناکاته جارێکی ئه و نهێنییانه ی له مێشکیدایه..

بۆیه پێشینان ده ڵێن: "له غه زه بی پیاو و تۆڵه ی ئافره ت، بترسه!".

" لۆڤ" به ئینگلیزی و " ئه مور" به فه ره نسی و " حوب" به ئاره بی و "سێومه ک" ی تورکی و " دۆست" ی فارسی، هه ر هه مان واتای " خۆشه ویستی" کوردیه.

خۆشه ویستی نێوان په یوه ندییه کۆمه ڵایه تیه کان، خۆشه ویستی سه وره ت و سامان، خۆشه ویستی ئه ده ب و هونه ر و وه رزش و باوه ر؛ تا ده گات به خۆشه ویستی ده سته خوشک یا براده ر. خۆشه ویستی خۆویستی و خۆشه ویستی خواپه رستی.

له خۆرهه ڵات، وولآتی ئاو و ئه ستێره.. زینده وه ر و گوڵزار و په له وه ر.. وه رزی باران و کرێوه و زریان.. له گه ڵ ترووسکه و تریفه و په ڵکه زێرِینه.. زه رده خه نه ی لێوی گوڵناز، یا گریانی کۆرپه یێکی برسی و بێناز. هه موو شتێک تام چێژی خۆی تێدایه.. هه رچی ته نێک بۆن وبه رامه ی خۆی ده دا.. ئا لێره دا، یا ده تکوژم؛ یا له خۆشه ویستیدا ده تپه رستم.

له خۆرئاوای ته کنه لۆژی، وولآتی به سته ڵه ک به ستووی سارد و سرِدا؛ سرِ هه تا سه رناخ. هه موو شتێک جوانه، نه ک دڵگیر.. ژیان کۆیله نییه باوه، نه ک حه ز.. نه هیچ شتێک تامی هه یه، نه وه رزی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هه یه. ئه وه ی ئێمه پێیده ڵێین ئه وین لێره گومانه! خۆشه ویستی مێژوویێکی به سه رچووه، یا له موزه خانه، یاله فلیمێکی دراما دا.
براده رێکی کوردی هانده ران، که به ده نگ زل به ناوبانگه، له دوکانێکی پیزا دلیفه ری ده کات. شه وێکیان کاتژمێری 12ی شه و ته واو ده بێ و خۆی ده کا به بارێکدا، هه م بۆ ڕاوه ژن و هه م بۆ سه رگه رمی. کاتێک چاو دهگێڕێ و سه رنجی ده چێته لای دوو ئافره ت که پیاویان له گه ڵ نییه.. به سه ر سه لامێک ده گهێنێ و ژنێکیان به نه رمه خه نده یێکی ژنانه لێیوه رده گرێته وه. ده چێته لایان و داوای سه مایان لێده کات، ژنه ش به وپه ڕی خۆشحاڵیه وه، داواکه ی ره ت ناکاته وه. له پاش سه ماش، فه رمووی خواردنه وه ی لێده کا و دیسکۆکه ش خه ریکه ته وو بێت.. دووباره بێدڵی نا کات کاتێک داوای گه یاندنه وه ی ماڵه وه ی لێده کات.
کاتێک ده یباته ماڵه وه و له ده رگا ده چنه ژووره وه،.. ده نگ زل فره یێکی پێ لێده دا و هه ڵیده سوڕێنێ و قژی ده گرێ و ده م ده خاته ناو ده می " مایکڵ دگڵڵز" ئاسا ده ڵێی فیلم ده رده کا.. ژنه ش بستێ زمانی ده خاته ناو ده مو یه کتر هه ڵده لۆشن.. تا ژنه پاڵێکی پێوه ده نێ و له خۆی دووردخاته وه و ده ڵێت:
- جارێ سه ره تای شه وه.. په له مه که.. باتۆزێک سه رگه رم که ین..! شه وگارێکمان له به رده مه.
ده نگ زل کۆکه یێکی بۆ ده کا و ته په دۆری ده مه وانی بوتڵه ش به ددان ده رده کا و دوو پێکی عه نابی، بۆ خۆی و دڵبه رێ پڕ ده کات. له گه ڵ یه که م هه ڵدانی، وای هه ڵده قۆڕێنێ ؛ به قرقه و قاقایێکیش وه ڵامی ده داته وه.
ماوه یێک ناباتە، پێکێک له م و پێکێک له و؛ نه ک هه ر سه رگه رم، بنیش گڕ ده گرێت. دووباره بۆی ده چێت وه ک ئه وه ی خه ریکی ته واوکه ری فیلمه که ی پێشووی بێت. ده نگ زل له کاتی ڕابواردندا زۆر سادیزمیانه ره فتاره، هه ر بۆیه ژنه ده گلۆڤێنێ و ده ست شۆڕده کاته وه بۆ ژێر ته نووره که ی ویه کسه ر چاوی ئاگری تێده زێت! جارێکی تر ده ست ده کاته وه هه لپشافتن.. ئیتر دڵنیا ده بێت، که دوو هۆقه ونیو هێلکه و گۆشت و ماسولکه ی که وتۆته ناو له پی ده ستی.. سه رگه رمی چی و حاڵی!؟ هه رچی خواردبوویه وه به ریدا.. ده ستی هه ڵکشانده وه" ئه ی خوایه؛ ئه مه چییه؟ ڕاست، درۆ!" هه یکه له که ی به رامبه ری پیاو ده رچوو؛ به بێ سه! رژ3وڕمان به نازێکی ژنانه شه وه ووتی: "گرنگ نییه.. هه رچۆنێکی حه ز ده که ی، له گه ڵتام.. "ده نگ زلیش وا ده نه ڕێنێ به سه ریا.. چۆن ده زانێ تازه شه وه که ی چوو وعه ره قه که ش مه فعولو فاعیلیش چوو.. دڵنیام به هاواره که ی، ته واوی ئه پارتمانی بیڵدینگه که ی به م نیوه شه وه هه راسان کردبێت.
جا که ده ڵێن" خۆشه دڵداری گه ر له دوو سه ر بێ
نه ک یه ک بسوتێ و یه ک بێ خه به ر بێ"
ئه وا لێره خۆشه ویستی هه ردوو جیهانه که م، به به سه رهاته وه بۆ گێڕانه وه.. جا ئێوه خۆتان و خواتان.. خۆتان سه ر پشک بن.

په یامنێری کودستان نێت/ ئۆتاوه- که نه دا.. شه یدا بلۆباس 26،11

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.